# برینەکانی ئەنفال بە دادگەییکردنی تاوانباران سووکتر دەبێ

خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!
بنەماڵەی سەربەرزی ئەنفالکراوان!
لە ١٤-٤-٢٠٢٢ جـــارێکی دیـــکە **بەرەی گەل** بە داخبـــاریەوە لەبەردەم گەورەیــی گیـانی ئەنفالکراوانــدا رادەوەســتێ و ئەفســوس دەخــوات کە دوای تێپەڕبــوونی ســی و چــوار ســاڵ بەســەر ئەنجامــدانی ئەو تــاوانە ســامناکە، کەچــی هێشــتا ژمــارەیەکی زۆر لە تاوانبــاران و ئەنفالچیـــان بە بەرچـــاوی بنەمـــاڵەی قوربانیـــانەوە ئـــازادانە دەســـوڕێنەوە و لەلایەن دەســـتەڵاتدارانەوە داڵـــدەدرێن و دەپـــارێزرێن. بێگومـان برینەکـانی تـاوانی ئەنفـال ئەوەنـدە پـڕ زامـن کە بە ئاسـانی ســـاڕێژ نـــابن، بەڵام بە دەســـتگیرکردن و دادگەییکردنـــی ئەوانەی کە لە شـــاڵاوی ئەنفالـــدا هاودەســـتی ڕژێمـــی بەعـــس بـــوون، کەمێک لە خەم و ئازاری بنەماڵەی قوربانیان کەم دەبێتەوە.
ئەمـــڕۆ دوای تێپەڕبـــوونی ســـی و چـــوار ســـاڵ بەســـەر تـــاوانی ئەنفـــالکردن، هێشـــــتا برینەکـــــانی ئەنفـــــال بە جەســـــتەی کوردســــتانیانەوە دیـــارە و خـــوێنی لێـــدەچۆڕێتەوە، هێشـــتا بە بەرچـاوی جیهـانی بەنـاو دیموکراســی و پـارێزەری مـافی مـرۆڤەوە، داگیرکـــارانی کوردســـتان درێـــژە بە ڕەشـــەکوژی و قڕکردنـــی کوردســتانیان دەدەن و گوشــارەکانیان بــۆ ســەر گەلــی کــورد قورســتر دەکەنەوە.
ئەمــڕۆ دوای تێپەڕبــوونی ســی و چــوار ســاڵ بەســەر کارەســاتی ئەنفـــالی ڕەشـــدا، هێشـــتا بنەمـــاڵەی قوربانیـــان لە چـــاوەڕوانی گەڕانەوەی ڕوفـــــاتی ئەنفـــــالکراوانن، بـــــۆیە **بەرەی گەل** داوا لە حکـــومەتی هەرێـــم و حکـــومەتی بەغـــداد دەکـــات کە چیتـــر خـــۆ نەگنخێـنن و بە زووتـرین کـات کـار بـۆ گێـڕانەوەی ڕوفـاتی قوربانیـانی ئەنفـال بـکەن تـا لە زێـدی خۆیانـدا بە شـکۆوە بە خـاک بسـپێردرێن. لە هەمـــان کاتـــدا دەخـــوازێ کە حکـــومەتی بەغـــداد قەرەبـــووی بنەمـاڵەی ئەنفـالکراوان لە ئەسـتۆ بگـرێ و شـوێنی ژیانیشـیان بـۆ نۆژەن بکاتەوە.
ئەمـــڕۆ لە ١٤ی نیســـاندا لەکاتێکـــدا کە **بەرەی گەل** هاوشـــانی نیشـــتمانپەروەر و ئـــازادیخوازانی گەلەکەمـــان بە خەمنـــاکیەوە یـــادی ئەنفـالکراون دەکـاتەوە و درود بـۆ گیـانی پـاکی شـەهیدان دەنێـرێ،

لەهەمـــان کاتـــدا ســـڵاو لە بنەمـــاڵەی ســـەربەرزی شـــەهیدان و ئەنفالکراوان دەکات و ڕێز لە خەمخۆری و قوربانیدانیان دەگرێ.
ســـڵاو بـــۆ گیـــانی ئەنفـــالکراوان کە شـــەهیدی ڕاســـتەقینەی نیشتمانن.
نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێی ئازادی و وەکهەڤی.
نەفـــرەت لە داگیرکـــار، نەفـــرەت لە بەعســـزادە و ناپاکـــانی گەل و نیشتمان.

**بەرەی گەل**

١٤-٤-٢٠٢٢